# شەرەم وشیخ وكۆبونەوەی كۆنە جاشەكان ...

رزگار كۆچەر
rzgarkochar@hotmail.com

ئەگەر مرۆڤ سەیرێكی مێژووی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی كوردستان و راپەرینەكانی خەڵكە ستەم لێكراوەكەی بكات , ئەوا بەرچاوی روون دەبێت كە هەردەم خەلكانێك بە ناوی سەرۆك هۆز و شێخ و ئاغا و ......تد رۆڵی نۆكەرایەتیان بۆ داگیركار و جاشایەتیان بۆ رژێمە یەك لەدوای یەكەكانی ئەم وڵاتانە پێ قبول بووە وپێیان عەیب نەبووە چونكە وەك وتمان ئەوان خۆیان قبولیان بووە جاش بن , بۆیە لای ئێمە مانان ناو هێنان وپەیمان تازە كردنەوەی ئەم جاشكۆلانە بۆ جاشایەتی شتێكی تازە نیە چونكە ئەوان لەوتەی هەن لەدژی ئاراستەی شۆرش و هەنگاوەكانی سەركردایەتی سیاسی كوردستان كار دەكەن, وەك ئاشكرایە تێك دان و خابور كردنی كوردستانیش ئەگەر چی بە رێنمایی و چاوساغی دەزگاكانی ئەمن و موخابەرات بوو بەڵام ئەو جاشكۆڵانەی كە لە عەقلی خێلایەتی و نۆكەرایەتی كردن بۆ داگیركاران هیچی تر نازانن ئەوا خۆیان و پیاوە كەل فامەكانیان لەپێشەوەی ئەو دەستە گلاوە بوون كە گوندەكانی هاو نەتەوەكانیان خاپور دەكردو خەڵكی گوناهیان ئەنفال وشونبزر دەكرد , بەڵام حەیف و مخابن بۆ سەركردایەتی سیاسی كوردستان چەندین جار ئەو جاشانەی لە دادگای گەل رزگاری كرد و هەندێك لە ئەوانیشی خستە نێو گۆرەپانی سیاسی كوردستان بێ ئەوەی لێكۆلینەوەی زانستی لەمەر كەسایەتی و پێك هاتەی خێلایەتی ئەو كەسانە بكات كە ناوكی خۆیان و باوكیان بە جاشایەتی براوەتەوە و هەردەم حەز دەكەن فەوجێكی خەفیفەیان هەبێت تا پێش هێزی داگیركاری كوردستان كەون !!!!

لەپال ئەو راستیەی كە هەموو تاكێكی كورد پێی ئاشانایە هەر لە دوای پرۆسەی رزگاری عێراق دەنگێ هەندێ لە كۆنە موخابەرات و پیاوە سەربازیەكانی رژێم دەبیسترا سەبارەت بە دژایەتی كردنی دەستەكەوتە مەزنەكانی چەند ساڵەی خەڵكی كوردستان كە موتلەگ و نجیفی و زۆرانی تر چاویان پێ هەڵنەدەهات , لەم رووەش هەموو چاودێرانی بواری سیاسی لە كوردستان لێدوان و هەڵویستەكانی ئەم كۆنە قەزەمانەی موخابەراتی پێشووی عێراقیان بەرچاوە كە ئێستا بەماسك و ناو ونازناوی تر هاتونەتە نێو گۆرەپانی سیاسی عێراق بۆ ئەوەی عەقلیەتی دەمار گیری سەر لەنوێ لە عێراق دەبمەزرێنەوە , ئینجا ئەگەر بێت و قسە لەسەر بەرەی جاشكۆلە توركمانەكمان بكەین ئەوا مرۆڤ دەبێت شەرم دای گرێت ئەگەر لە بۆنەو موناسەباتەكانیش لەگەل ئەم دەزگا سیخوریە دانیشێت , چونكە بەرەی بەناو توركمانەكان لەپاش راپەرنەوە بە ئەجندەیەكی تایبەت و دارێژراوی دەوڵەتی كەمالیستی توركیا لە نۆكەرایەتی زیاتر كاریان هیچی تر نەبووە بێجگە لە بەكار هێنانی هەموو كارتە ستۆك وبەسەر چوەكانیان , كە زۆر جار لە درۆ شاخ دارو پروپاگندەی بێبنەما زیاتر بە بوونی سێ ملیۆن توركمان لە عێراق نەوەك بۆ خەڵكانی عێراق و كوردستان كەشف بووە بەڵكوو زۆر جار سەرانیشان لە ئەنقەرو ئەستنبۆل توشی شۆك وگومان دەبن لە شكستەكانی ئەو بەریە , بۆیە بۆ یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان كە لە كوردستان و عێراق لە نێو پرۆسەیەكی سیاسی بەژدارە و لە نێو حكومەتی هەرێمی كوردستانیش بە وەزیرێك لەناو ئەو پێكهاتەیە كارێكی وا سانا نیە خۆی و رابردووی خەباتی كە بە هێزێكی میان رەو ناسراوە , زۆجاریش بەرنامەكانی لە خەمی هاوڵاتی بوون دەبێت بچێتە پاڵ بەرەیەك كە پرە لە جاش و جاشكۆڵە , چونكە وەك ئاشكرایە یەكگرتوی ئیسلامی كوردستان وەك هێزێكی سێەیەم لە كوردستان ناسراوە, ئەگەر چی كار كردن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات پشت بەهێزی جەماوەر دەبەستێت كە یەكگرتوو دەمێكە هەول و تەقەلای بۆ دەدات تا ئەو جەماوەرە ئاشناكات بە بەرنامەو بەدیلە سیاسەكانی یەكگرتوو لە پێناو جاكسازی و نەمانی گەندەلی لە كوردستان , بەڵام جەماوەرێك ئەگەر ئیمرۆ لە قورخ كردنی دەسەڵات لەلایەن یەكێتی و پارتیەوە نارەزی بێت ئەوا قەت قبولی

ئەو ناكات ديسان بگەرێتەوە باوشی كەسانێك كە بەعروبەی كوردی دەناسرێن وجاشاتيش پيشەی خۆيان و باوك باپيرانيانە , باشتر وايە سەركردايەتی سياسيی يەكگرتوی ئيسلامی كوردستان ئەوەيان بەرچاو بێت كە باش نيە بۆ مێژوو ناوی خۆيان لەپاڵ هەندێ لە جاش و جشكۆلەكان تۆمار بكەن چونكە مێژوو لە ئايندە مەلەفی هەموو جاشەكان دەخاتە نێو كتێبی خيانەتەوە .. جا خائنيش گەر رابردووش يەكێتی و پارتی عەفوی كردن ئەوا ئەمجارە ئەستمە بەكەيفی خۆيان بەرچاومان تەرەتێن بكەن ولافی شۆشگێرايەتی لەسەر خەڵك لێبەدەن ... ..